

# ڕێکخراوە پیشەیی یەکانی سلێمانی مەقاشی دەستی یەکێتین ،
# نارەزایەتی و داواکاریەکانی جەماوەریان کرد بە قوڕگی هەڵبژاردن دا !

مانگێك زیاترە ڕێکخراوە پیشەیی یەکانی سەر بە ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی ( ی ن ك ) لە شاری سلێمانی خەریکی کپ کردنەوە و ئیحتیواکردنی نارەزایەتی توندی کارمەندان و فەرمانبەران و مامۆستایانە . ئەم ڕێکخراوانە کە هەرگیز لە ڕیزی پێشەوەی کارمەندان و فەرمانبەران و مامۆستایان دا نەبوون و جێی باوەڕ و متمانەیان نەبوون ، بەڵام لەگەڵ پەرەگرتنی نارەزایەتی لە خوارەوە لەناو ڕیزەکانی کارمەندان و فەرمانبەران و مامۆستایان دا ئەمانیش بە شێوازی جۆراو جۆر دەکەونە خۆیان هەتا بۆیان بکرێت ئەو کارە بەجێ دەهێنن کە بۆیان دانراوە نەهێڵن نارەزایەتی و مانگرتن و خۆپیشاندان لە خوارەوە دەست پێ بکات ، کاتێکیش کە جڵەویان لەدەست دەردەچێت بەناوی ڕێکخراو و سەندیکاکانیانەوە خۆیان دەکەن بە نوێنەر و دەمڕاستی نارەزایەتی یەکان و لەم ڕێگایەوە نارەزایەتی یەکان جڵەو دەکەن .

بە دوای چوونەسەرەوەی نارەزایەتی کرێکاران و فەرمانبەران و مامۆستایان خوێندکاران لەبەرامبەر هەل و مەرجی سەختی ژیان و کارکردن و سیستەمی مووچەدا ، بە تایبەتیش بە دوای مانگرتنی سەراسەری یەك سەعاتی کارمەندانی تەندروستی سلێمانی لە 5 / 1 / 2005 و خۆپیشاندانی خوێندکارانی بەشە ناوخۆیی یەکانی زانکۆی سلێمانی لە 7 /1 /2005 دا کە بە فیشەك وەڵام درایەوە ،هاوکات نوێنەرانی ئەم ڕێکخراوانەش کە ژمارەیان 17 ڕێکخراوە ڕۆژی 10 / 1 / 2005 دا کۆبوونەوەیەکی هاوبەشیان لە هۆڵی دایەلۆکی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی ( ی ن ك ) سازدا . لەوکۆبوونەوەیەدا باسی ئەوە کراوە کە سیستەمی مووچە کەم و کوڕی زۆری تێدایە و نارەزایەتی یەکی زۆری لەناو توێژی فەرمانبەران و مامۆستایان دا دروست کردووە ، سەرەنجام یاداشتێکیان لەم بارەیەوە بۆ سەرۆکی حکومەتی ئیدارەی یەکێتی بەرزکردووەتەوە و ڕایان گەیاندووە (( بۆ داکۆکی کردن لە مافی مووچەخۆران ناچاردەبن کە هەڵوێست بگرن )). بەدەر لە ناوەرۆکی ئەو یاداشتنامەیە کە ئەم ڕێکخراوانە بێ ڕەزامەندی تەنانەت ئاگاداری جەماوەری فەرمانبەران و مامۆستایان بەرزیان کردووەتەوە ، هاوکات ئەم هەنگاوەی ئەم ڕێکخراوانە هەر لە سەرەتاوە جێی شك و گومان بوو کە ئەم کارەی ئەوان هەر لە سەرەتاوە بە مەبەستی ساردکردنەوەی نارەزایەتی یەکان و ڕاگرتنیان بوو لە چاوەڕوانی دا .

هەرواش بوو ، پێش ئەوەی مەرەکەبی یاداشتنامەکەیان ووشك بێتەوە پاش 10 ڕۆژ ئەم ڕێکخراوە داکۆکیکەرانەی مافی مووچەخۆران و ئەم خاوەن هەڵوێستانە ڕۆژی 18 / 1/ 2005 لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا بە بیانووی <بەسەرکەوتن گەیاندنی هەڵبژاردن و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی باڵای گەلەکەمان > ڕایانگەیاند کە لە پەیوەند بە نارەزایەتی مووچەخۆران و داواکاریەکانیانەوە کارەکانیان ڕادەوەستێنن و داواش لە فەرمانبەرانی دەزگاکانی حکومەت دەکات مانگرتن و خۆپیشاندا نەکەن و پەیوەندی بە لیژنەکەیانەوە بکەن . لە کاتێکا بە پێچەوانەوە کاتی پرۆسەی هەڵبژاردن باشترین فرسەت و کاتێکە بۆ جەماوەری خەڵك داواکاری و خواستە ئابوری و سیاسی یەکانی خۆیان نیشان بدەن ، لەناو هەراوهوریای ئازادی و دیموکراسی و وەعد و دەعیدی ڕەنگاو ڕەنگی حزبەکاندا ڕەش و سپی لەیەکتر جیا بکاتەوە و دەنگی خۆی بەو لایەنە بدات کە بەرگری لە خواست و داواکاریەکانی دەکات .

ئەم ڕاگەیاندنەی ئەم ڕێکخراوە زەردانەی ( ی ن ك ) جارێکی تر ئەوەی سەلماند کە ئەم ڕێکخراوانە ڕێکخراوەی پیشەیی و خەڵکی نین ، بەڵکو ڕێکخراوەی بەرژەوەندی باڵای حزبەکانیانن کە لەگەڵ خواست و بەرژەوەندی باڵای خەڵکدا ناکۆکن و بە بەرژەوەندی باڵای گەلەکەمان بە خەڵکی دەفرۆشنەوە . ئەوەی سەلماند کە ئەم ڕێکخراوانە مەقاشی دەستی یەکێتین و بۆ بەلاڕێدا بردن و جڵەو کردن و کپ کردنەوەی نارەزایەتی و خواستە جەماوەریەکانی خەڵك دروست کراون.

کرێکاران و فەرمانبەران و مامۆستایان لەچاوەڕوانی ئەم ڕێکخراوە زەردانەدا نەبن ، پیلان و نەخشەکانیان بۆ ساردکردنەوە و جڵەوکردنی نارەزایەتی یەکانیان پووچەڵ بکەنەوە و نەچن بەپیر بانگەوازەکانیانەوە و بۆ بەدەستهێنانی هەل و مەرجێکی باشتری کار کردن و لانی کەمی ژیانێکی ئینسانی ڕیزی خۆیان لەم ریکخراوە زەردانە جیا بکەنەوە و ڕێکخراوی ڕاستەقینەی خۆیان پێك بهێنن . بە هێزی یەکگرتوو ڕێکخراوی خۆیانەوە بۆ جێبەجێ بوونی داخوازیەکانیان بێنە مەیدان .

سامان ئەحمەد

12 / 2 / 2005